


ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# "ئەڤاتار" بەبێ ڕكابەر لوتكەی فیلمەكانی ئەم هەفتەیەی بەدەست هێنا

فیلمی ئەڤاتار "Avatar" بەیەكێك لەو ڕۆمانە فیلمانە دەژمێردرێت كە بیرۆكەكەی لەخەیاڵی زانستی وەرگیراوە، لەرووی ئەكشنەوە باڵادەستییەكی تەواوی پێوە دیارە، و دیمەنی زۆر سەرنج ڕاكێشی لەخۆگرتووە كە بەپێشكەوتوترین جۆری كامێرا گیراون، ئەمە جگە لە بەكارهێنانی تەكنیكی كۆمپیوتەر بەبەرزترین هونەركاری، فیلمەكە لەنێوان ڕاستی و ئەنیمێشندایە، وردبینییەكی زۆر كراوە بۆیە گرتەكانی فیلمەكە ناوازە و دەگمەنن، لەلایەن پسپۆڕانی سینەماوە بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە واتە لەدایكبوونی جۆرێكی تازەی فیلم لە هەزارەی سێیەم. لەرووی تێچوونییەوە زۆرترین خەرجی كردووە كەدەگاتە بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار، كەبەمەش ژمارە پێوانەیی دەشكێنێت. ئەڤاتار باس لە سەربازێكی مارینزی ئەمەریكی دەكات، كەبەهۆی توشبوونی بە ئیفلیجییەوە خانەنشینكراوە، بەڵام بەهۆی ئەو توانا دەگمەنانەی هەیەتی، هەڵدەبژێردرێت تا بەكارێكی تایبەت بچێتە هەسارەی "باندورا".. لە باندورا جۆرە زیندەوەرێك دەبینێت كە لە زۆر ڕووەوە لە مرۆڤ نزیكن، بەڵام ڕەنگیان شینباوە، باڵایان لەسێ مەتر زیاترە، ئاشتی خوازن و شەڕیان نەزانییەوە، تا ئەو ساتەی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی كانزا ڕوویان كردۆتە هەسارەكەیان و بێ بەزەییانە لەناویان بردوون. ئەم سەربازەش هەست و سۆزی بۆیان دەجوڵێت و ئاشناییان دەكات تاوای لێدێت دەبێتە ئەندامێكی ئەو بونەوەرانە، و حاشا لە مرۆڤ بوونی خۆی دەكات. فیلمەكە لە دەرهێنانی دەرهێنەری بەناوبانگ "جیمس كامیرۆن" كە بەدەرهێنەری فیلمە مەزنەكان ناوزەد دەكرێت لەوانە فیلمی "تایتانیك" و پاڵەوانێتی "سام ۆرسینگتۆن، زۆی ساڵدانا، سیگۆرنی ویڤەر، میشێل ڕۆدریگز". ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەكانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریكا بەپێی پەیداكردنی زۆرترین داهات:

**بەبەرهەمهێنانی فیلمی ئەڤاتار جیلی هەزارەی سێیەمی فیلم دروست بوو**




1- (Avatar) ٧٧،٠٢٥ ملیۆن$، كۆی داهات: ٧٧،٠٢٥ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.




2- (The Princess and the Frog) ١٢،١٨٥ ملیۆن$، كۆی داهات: ٤٤،٧١٧ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:١.




3- (The Blind Side) ١٠،٠٢١ ملیۆن$، كۆی داهات: ١٦٤،٧٢٥ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو:٢.




4- (Did You Hear About the Morgans?) ٦،٦١٦ ملیۆن$، كۆی داهات: ٦،٦١٦ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.




5- (The Twilight Saga: New Moon) ٤،٤٠٧ ملیۆن$، كۆی داهات: ٢٧٤،٥٩٨ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو:٤.



6- (Invictus) ٤،٢٠٣ ملیۆن$، كۆی داهات: ١٥،٨٧٧ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٣.



7- (Disney's A Christmas Carol) ٣،٤٤٣ ملیۆن$، كۆی داهات: ١٣٠،٨١٣ ملیۆن$، بە٧ هەفتە، پلەی پێشو:٥.




8- (Up in the Air) ٣،٢١٠ ملیۆن$، كۆی داهات: ٨،٢١٥ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:١١.




9- (Brothers) ٢،٨٨٩ ملیۆن$، كۆی داهات: ٢٢،٣٥٠ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٦.




10- (Old Dogs) ٢،٣٤٠ ملیۆن$، كۆی داهات: ٤٣،٦٢٥ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:٧.

ئا: عەبدوڵڵا چنگیانی



# جوانا مەلاح زۆر هەستیارە

جوانا مەلاح یەکێکە لەو کچە هونەرمەندانەی کە بە سەرکەوتن ناوەستێت و نابێتە هۆی ئەوەی کە سارد بێتەوە لە هەوڵدان بۆ پێشکەش کردنی کاری نوێتر و باشتر، هەرچەندە زۆر کەس پێیان وایە نەگەیشتۆتە ریزی هونەرمەندانی پلە یەك لە لوبنان، بەڵام ماوە ماوە کارێکی هونەری پێشکەش دەکات کە توانا و بەهرەکانی بە دەردەکەون و بۆ جەماوەر دووپاتی دەکاتەوە کە بەهرە و تواناکانی مایەی ئەوەن کە لە ریزی هونەرمەندانی پلە یەك پۆلین بکرێت، بەر لە ماوەیەك کە نزیکەی ساڵێك دەبێت دیمانەیەکمان لەگەڵیدا ساز کردبوو، ئەم جارەش هەندێك پرسیارمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

* ئایا بڕوات بە دەستەواژەی ئەستێرەی پلە یەک هەیە؟
- بێگومان نەخێر، چونکە لە هونەردا تەرازووەکی تایبەت هەیە کە پێوەرەکانی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێن، ڕەنگە هەر هونەرمەندێك گۆرانییەك تۆمار بکات و تێیدا سەرکەوێت، دواتر منیش گۆرانییەك تۆمار بکەم و تێیدا سەرکەوتوو بم، یەکێکی تریش بە هەمان شێوە، و هەر یەکێك لە کاتێکی دیاریکراو لە پلەی یەکەمدا بن،بەڵام پێوەرێکی دیاریکراو هەیە وا لە هونەرمەند دەکات هەمیشە سەرکەوتوو بێت.
* ئایا هونەرمەندان دەتوانن لەرێگای خۆشەویستییەوە هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن؟
- بێگومان هونەرمەندیش مرۆڤە، بەڵام ئەگەرەکانی بەردەم کچە هونەرمەندێك زۆر زەحمەت و کەمترن لەوەی کچێکی ئاسایی لەبەردەمیەتی، چونکە کچی هونەرمەند بیر دەکاتەوە ئایا ئەو کەسە لەبەر سەروەت و پارە و ناوبانگی خۆشی دەوێ یانیش خۆشەویستییەکەی بە ڕاست و دڵسۆزییە، ئەمەش مافی خۆیەتی.
* وەك هونەرمەندێك ئامادەی قوربانی بە هونەر بدەی لەپێناو کەسێك، یاخود ئەگەر هاوسەرەکەت ڕازی نەبێ بەردەوام بی لەسەر گۆرانی گوتن کامیان هەڵدەبژێری؟
- نەك بۆ من بەڵکو بۆ هیچ هونەرمەندێك کارێکی ئاسان نییە کەوا بتوانێت واز لە گۆرانی و هونەر بهێنێت لەبەر هەر هۆکارێك بێت، بۆیە دەبینین هەموو هونەرمەندەکان یەك لە مەرجەکانیان بۆ هاوسەرەکانیان ئەوەیە کە دەبێ ڕازی بێت بە بەردەوام بوونیان لەسەر کاری هونەری، و زۆریش لەوانەی ئەم مەرجەیان دانەناوە سەرکەوتوو نەبوون لە ژیانی هاوسەرێتیاندا.
* چەند جار خۆشەویستیت کردووە؟
- ئەمەیان با نهێنی بێت لەگەڵ خۆمدا بمێنێتەوە و نامەوێ بیدرکێنم، بەڵام ئەوە دەڵێم زەحمەتە هیچ کەسێك بێ خۆشەویستی بژیت.
* لە خۆشەویستیدا ڕۆمانسیانە ڕەفتارت کردووە یان عەقڵانە؟
- دەتوانم بڵێم زیاتر ڕۆمانسیانە بووم.
* هەست دەکەی کەسێك هەبێت ئیرەییت پێ ببات؟
- من ڕاستگۆم بەرامبەر بە خۆم و هەموو کەسێك هەرکەسێکیش ئیرەیی بە من ببات ئەوا شێوازی بیرکردنەوەی خۆیەتی، بەڵام من ئیرەیی بە کەس نابەم.
* زۆر لە هونەرمەندان ڕوو لە ڕیکلام دەکەن ئەمە چۆن دەبینی؟
- سوودێکی زۆری بۆ هونەرمەند هەیە بەتایبەتی لە ڕووی ماددییەوە، هەروەها ئەگەر کۆمپانیایەك هونەرمەندێك بکات بە مۆدێلی خۆی ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هونەرمەندەکە ناوبانگ و جەماوەرێتییەکی زۆری هەیە و شایەنی ئەوەی پشتی پێ ببەسترێت.
* گرنگترین سیفەتەکانی تۆ چین وەك مرۆڤێك؟
- من حەز ناکەم باسی لە سیفەتەکانی خۆم بکەم، بەڵام من نامەوێ بە دوای کەموکورییەکانی کەسانی تردا بگەڕێم و لایەنە شاراوەکانی بزانم، چونکە ئەمە تایبەتمەندێتی ژیانی خۆیانەوە بە هەمان شێوە نامەوێ کەسیش بەدوای ئەوەدا بگەڕێت نهێنییەکانی ژیانی تایبەتیم بزانن وەك ئەوەی هەندێك ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکاران هەوڵی ئەوە دەدەن.
* ئەگەر کەسێك بێتە بەرامبەرت و ڕاستەوخۆی پێت بڵێت تۆ ناشیرنترین کەسی چۆن وەڵامی دەدەیتەوە؟
- سوپاسی دەکەم ڕەنگە ئەمە بیروڕای تایبەتی خۆی بێت کە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت.
* ئەگەر سەروەت و سامانێکی زۆرت دەستکەوت چی لێ دەکەیت؟
- یارمەتی هەژاران و کەم دەرامەتانی وڵاتەکەم لە کارە پێشینەکانم دەبێت.
* لایەنە شاراوەکانی کەسایەتیت چین؟
- من حەز دەکەم بە شێوەیەکی سرشتی دەربکەوم و شتێکی وا پێشکەش بە جەماوەر بکەم کە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی من بێت.
*حەز دەکەی بگەی بە ئاستی چ هونەرمەندێك؟
- من دژی ئەوەم خۆم بە کەسی تر بەراورد بکەم، تەنیا دەمەوێ شوێنی خۆم بکەمەوە و بوونی خۆم بسەلمێنم و بڕوام بەوە نییە کەسێك بگات بە ئاستی کەسی تر بەتایبەتی لە بواری هونەریدا، چونکە هەر هونەرمەندێك ستایل و شێواز و جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە.
* چ کاتێك لە هونەر دوور دەکەویتەوە؟
- وەك دوور کەوتن بە هیچ شێوەیەك لە هونەر دوور نەکەوتوومەتەوە و بڕوا ناکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان بێ هونەر بتوانم بژیم، بەڵام جاری وا هەیە پێویستم بە حەسانەوە هەیە کە ماوەیەکی کەمە و لەو ماوەیەشدا هەوڵ دەدەم شتێکی باشتر لە شتەکانی پێشووترم پێشکەش بکەم.
* سەرکەوتن نابێتە هۆی ئەوەی تووشی لەخۆبایی بوون ببیتەوە؟
-بێگومان لەخۆبایی نەخۆشییەکی دەروونییە و هیوادارم هەموو هونەرمەندێك لێی دووربێت دوای ئەوەی لە کارێکدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، من هەوڵ دەدەم لەدوای سەرکەوتنی کارێکدا رکابەرێتی لەگەڵ خۆم بکەم بۆ بەرهەمی باشتر پێشکەش بکەم.
* چۆن گۆرانییەکانت هەڵدەبژێریت؟
- هەوڵ دەدەم هەڵبژاردنەکانم بەگوێرەی عەقڵ بێت، چونکە من مرۆڤێکی زۆر حەساسم و گرنگییەکی زۆریش بە هەستەکانی خۆم دەدەم بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی گۆرانیدا.
* کێ بە نزیکترین کەس لەخۆت دەزانیت؟
- وەك هونەرمەندێك جەماوەری خۆم بە نزیکترین و خۆشەویستترین کەس لە خۆم دەزانم.
* کە لە خەو هەڵدەستی یەکەم کارت چییە؟
- ئەگەر کاری زۆرم نەبێت ئەوا زوو دەخەوم و بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستم، یەکەم جار قاوەیەك دەخۆمەوە و بە گوێرەی توانا و کات وەرزش ئەنجام دەدەم، ئەگەر بزانم چەند ڕۆژێك کارم نەبێت ئەوا گەشتێك ئەنجام دەدەم.
* هەڵبژاردنی ستایلی تایبەت بۆ هونەرمەند تا چ ڕادەیەك گرنگە؟
- هەر هونەرمەندێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە گۆرانی گوتن ئەگەرچی لە سەرەتاش هەندێك تەقلیدی هونەرمەندێك بکات یان شێوەی ئەداکەی لە هی هونەرمەندێکی دیکەوە نزیك بێت، بەڵام ئەگەر من گۆرانی هونەرمەندێکی دیکەش بڵێمەوە و گرنگر نەشمبینێت ئەوا هەر دەزانێت ئەوا منم گۆرانی دەڵێم.
*هێزی ئافرەتی هونەرمەند لەچیدایە؟



- به حوكمی ئەوەی هونەرمەندە رەنگە دووچاری تاقیكردنەوە و بارودۆخی سەخت و چاوەڕوان نەكراو ببێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە خاوەن ئیرادە بێت و بتوانێت لێی دەرباز بێت بێ ئەوەی باجێكی قورس بدات كە لە كۆتاییدا لێی پەشیمان بێتەوە.

* ئافرەتە هونەرمەندە لوبنانییەكان كێبڕكێیانە لەسەر ئەوەی بە زاراوەی كەنداوی گۆرانی بڵێن، هۆكاری ئەمە چییە؟

- زاراوەی كەنداوی زاراوەیەكی خۆشە و لە كەنداویش شاعیری زۆر بە توانا هەن، هەروەها هونەرمەندان خاوەن جەماوەرێكی زۆرن لە وڵاتانی كەنداو بۆیە ئاساییە ئەگەر بە زاراوەیە گۆرانی بڵێن.

* ئایا تەنیا بۆ ئەوە نییە كە لە رووی داراییە سوودی هەیە؟

-بێگومان لایەنی داراییش بۆ هونەرمەند زۆر گرنگە و مافی خۆیەتی لەم لایەنەوە ژیانی خۆی دابین بكات دیارە ئەمەش یەكێكە لە هۆكارەكان.

* كرێی ئاهەنگەكان تا چەند بۆ تۆ گرنگە؟

- كرێی گۆرانی گوتن و ساز كردنی ئاهەنگ ئەمەیان كاری بەڕێوەبەری كارەكانمە، ئەو وردەكاریانە زیاتر بەڕێوەبەری كارەكانم پێی هەڵدەستێت، بێگومان جۆر و شوێن و شێوەی ئاهەنگەكەش جیاوازە و تا رادەیەك كاریگەری دەبێت لەسەر كرێی ئاهەنگەكان.



## ئەنجلینا و براد لەسەر ئۆباما شەڕیانە



ئەستێرەی سینەمایی جیهانی و باڵیۆزی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ نیاز پاكی ئەنجلینا جۆلی رقی لە باراك ئۆبامای سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و بە (ئیشتراكییەكی شاراوە) وەسفی دەكات.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەكی نزیك لە جۆلی بە گۆڤاری یۆ ئێس ماگازینی راگەیاند جۆلی رقی لە ئۆبامایە و پێ وایە ئەو حەز لە ژیانی خۆشگوزەرانی و بەدەستهێنانی دەستكەوت دەكات و ئیشتراكییەكی شاراوەیە، سەرچاوەكە جەختی لەسەر ئەوەش كردەوە كە جۆلی كەسێكی كۆماری نییە، بەڵام پێی وایە ئۆباما دوكەڵ و ئاوێنەیە. ئەم هەڵوێستەی جۆلی یەك ناگرێتەوە لەگەڵ براد بێتی هاوسەری كە زۆر سەرسامە بە كەسایەتی باراك ئۆباما و لە ئاهەنگێكی هەڵبژاردنی ئۆباما لە شیكاگۆ لە ساڵی ٢٠٠٨ بە تەنیا رۆیشت بۆ ئاهەنگەكە، بۆیە براد و جۆلی هەمیشە مشتومڕیانە لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی لێك جیا ببنەوە.



## هەیفا پێڵاوەكەی دەكاتە خێر

گۆرانیبێژی لوبنانی هەیفا وەهبی رایگەیاند كە وەسیەتنامەی تایبەتی خۆی سەبارەت بە سەرمایە و موڵكەكانی نووسیوەتەوە و بیر لەوە دەكاتەوە كە پیشانگایەكی تایبەت بە جلوبەرگ و پێڵاوەكانی بكاتەوە و چەندین كەسایەتی ناودار عەرەبی داوەت بكات بۆ ئەم پیشانگایە.

بە پێی قسەكانی هەیفا مەبەست لە كردنەوە ئەو پیشانگایە ئەوەیە كە جلوبەرگ و پێڵاوەكانی ببەخشێتە كۆمەڵە خێرخوازەكان ئەوانەی گرنگی بە وڵاتە هەژارەكان دەدەن، ئاماژەشی بەوە كرد كە كەسایەتییە جیهانییە ناودارەكان ئەم جۆرە پیشانگایانە دەكەنەوە و ئاهەنگی تایبەتیان بۆ رێك دەخەن لەكاتێكدا كەسایەتییە عەرەبییەكان پێیان شەرمە ئەم كارە بكەن.

بەڕێز حاجی خەونی نییە :

# تەلەفزیۆنی گـــوڵان منی دروستکرد



بەڕێز حاجی ئەبوبەکر نوری یەکێکە لە بێژەرە بە توانا و دیارەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان لە شاری سـلیمانی لەدایك بووە و خوێندنی ناوەندی تەواوکردووە، ماوەی چەند سـاڵێکە لەگـەڵ خانەوادەکەی لە شـاری هەولێر نیشـتەجێن، ئێستا پێشکەشکاری هەواڵەکانە لە کەناڵی ئاسمانی کوردسـتان. بەڕێز حاجی لە دیمانەیەکدا بەم شـێوەیە وەڵامی پرسـیارەکانی گۆڤـاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە/خەلیل بلەیی
xalil2001@yahoo.com

**من هەرچی لەبارەی بێژەرانی ئافرەت بڵێم ئەوانی دیکە لێم زوویردەبن بەحەساسییەت وەری دەگرن**

*** سەرەتای کارکردنت لەبواری راگەیاندن دا بۆ کەی دەگەرێتـەوە؟ گۆڤاری گوڵان کاریگەری هەبووە لەسەر تۆ؟**

- لەساڵی ١٩٩٥ لە تەلەفزیۆنی کوردستان دەستم بە دۆبلاژی ئەفلام کارتۆن کردبۆ سەر زمانی کوردی، سـاڵی ١٩٩٦ لەسلێمانی چوومـە تەلەفزیۆنی کەی تی ڤی ئەوکات لەویش بەرنامەی منداڵانم پیش کەش کرد، دوابـەدوای ئەم بەرنامەیـە هاتینە هەولێر جاری یەکەم لە رادیۆی هەریم و تەلەفزیۆنی گولان بەهەمان شـیوە بەرنامەی مندالانم هەبووپیشکەشـم دەکـردو هەندێك جارخۆم ئامادەم دەکرد، لەهەمان کات خەریکی خوێندن بووم، پاشان لەسـاڵی ١٩٩٧ لەتەلەفزیۆنی خۆشەویسـتی گوڵان لە جەژنـی قوربان بۆیەکەم جار وەك بێژەری سەرەکی دەرکەوتم، پاشـان بەرنامەی کامیرای هەفتەم هەبوو، ماوەیەکیش هەواڵی وەرزشـیم دەخوێندەوە لە هەمان کاتدا لە رادیۆی گوڵانیش بەرنامەی ستاتیکام هەبوو بەم شێوەیە بەردەوام بووم تا ساڵی ١٩٩٩ کاتیك کوردستان تیڤی دامەزرا من و دوو هاوکاری دیکەیان گواسـتەوە بۆ کوردستان تی ڤی لەوێ دەستم بەکار کرد و جاری یەکەم رۆژنامەوانیم پیشـکەش دەکرد پاشـان بەرنامەی هونەری و پاشان لەیەکەم رۆژی راگەیاندنـی کابینـەی سـێهەمی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان من یەکەم رۆژم بوو چوومە ناو سـتۆدیۆی هەواڵەکان و خوێندمەوە، تائێستاش بەردەوامم و کاری رۆژنامەنووسیش دەکەم . ڕۆژنامەی گوڵان و تەلەفزیۆنی گوڵان ئەجریان لەسەرم هەیە شـانازییان پیوە دەکەم ئەوان منیان دروست کرد پاش ئەوانیش خۆم خۆم دروست کرد.

**من پەشیمان نیم لەوکارانەی کە پیشتر کردوومە من بەپیچەوانەوە شانازشیان پیوە دەکەم**

*** ئەگەر راپرسـی بکرێت بۆ باشـترین**



## من وازم لە هاوڕێتی کچان هێناوە لەناو ڕاگەیاندن

و گەنج و منداڵ دەدەم.

*** گۆشەیەکی دیاریکراو نانووسی لەرۆژنامەیەك یان گۆڤارێك؟**

- بۆگۆشەی تایبەتیش زۆر جار داوام لێکراوە بەڵام من حەز لەگۆشەی تایبەت ناکەم بەم شێوەیە ئاسوودە ترم.

*** بێژەری هەواڵەکانیت، بەڵام بۆچی بابەتی سیاسی نانووسیت تەنها بابەتی کۆمەڵایەتی دەنووسیت ؟**

- من پێشتر بابەتی سیاسیم دەنووسی لە گۆڤارەکەی خۆتان( گۆڤاری گوڵان) بڵاوبۆتەوە لە رۆژنامەکانیش بەڵام بابەتی کۆمەڵایەتیش لام زۆر گرنگە من حەز دەکەم گرنگی بە خەمی خەڵك بدەم، بابەتی سیاسیش بۆ من زۆر خۆشترە، چونکە من بەشێوەیەکی بەرفراوان بەدوای پرسە سیاسییەکاندا دەچم، بەڵام هۆکاریك نییە کە ئێستا بۆ نانووسم لەئاینده دەنووسم بۆ نا.

*** بەشداریت لە کاری نواندن کردووە ئەی بۆ بەردەوام نەبووی؟**

- من پەشیمان نیم لەوکارانەی کە پێشتر کردوومە من بەپێچەوانەوە شانازشیان پێوە دەکەم چونکە بەهۆیەوە هەرچی نەبێت خزمەتێکی بچووکم کردووە،پاش ئەو کارانەم خۆم بۆکاری ڕاگەیاندن تەرخان کرد.

*** ئەگەر داوات لی بکرێت بۆ بەشداریکردن لەفیلمێکی سینەمایی وەڵامی بەرێز چی دەبێت؟ ئەگەر بەڵێ یە مەرجەکانت چین؟**

- ئەگەر فیلمێك بێت لەسەر ئاستی جیهانی و پەیوەست بێت بە بارودۆخی میللەتەکەم ئەمەش خزمەتێکە بۆنا مەرجم تەنها ئاستی بەشداریی و ناوەڕۆکی ئەو فیلمەیە کە چۆن دەبێت.

*** پێشتر وەك کۆرس گۆرانیت گوتووە، بۆ بەردەوام نەبووی؟**

- زۆر کەس ئەم پرسیارەم لێ دەکات، من خزمەتێکم بە سروودی نیشتیمانی کردووە کە بەدەنگیش بەشداربووم، بەڵام لەدوای ئەم کارە چیترم نەکردووە کە ئەو کات لە کوردستان تی ڤی کارم دەکرد ڕاسپێردرام بۆ ئەم کارە و قبوولم کرد.

*** دیارە دەنگت خۆشە بۆیە وەك کۆرس گۆرانیت گوتووە ئایا بیرت لەوە نەکردۆتەوە گۆرانی بڵێی و سیدیەکی تایبەت بە خۆت بەرهەم بهێنی؟**

- من بریاری گۆرانی گووتن نادەم بەهیچ شێوەیەك بادەنگم خۆش بێت، خۆ نابێت هەرچی کەمێك ناوبانگی هەبێت و دەنگی خۆش بێت بەبێ ئەوەی زانیاری و لێزانینی هەبێت لەم کارە گرنگ و زەحمەتە خۆی لە

**بێژەری ئافرەت تۆ کی هەڵدەبژێری؟**

- من هەرچی لەبارەی بێژەرانی ئافرەت بڵێم ئەوانی دیکە لێم زوویردەبن بەحەساسییەت وەری دەگرن ببورە، بەڵام لەبێژەرە پیاوەکان بەدڵنیاییەوە من سامی ئەرگووشی و نەسرەت هادی دادەنێم.

*** بەڕای تۆ لایەنە باشەکان و کەموکوڕیەکانی بێژەرانی کورد چین؟**

- لایەنەکانی باشی و خراپی بێژەر چەند لایەنێك دەگرێتەوە. بێژەر پێش ئەوەی بریاری ئەوە بدات کە کاری بێژەری بکات پێش هەمووشت دەبێت لە تواناو بڕوا بەخۆبوونی خۆی دڵنیا بێت بێژەری کارێکی سانا نییە وەك ئەوەی هەندێك بیری لێدەکەنەوە، گرفتەکە لەوەدایە کە خۆیان دروست ناکەن هەندێکیان خۆیان لەقەرەی هەندێك شت دەدەن لێی بەتواناو شارەزا نین مەبەستیان تەنها ئەوەندەیە لە شاشە دەربکەون ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و کەموکوڕی بێژەرەکە بەدیار دەکەویت. شێوەی خوێندنەوە لە هەواڵێکەوە بۆ هەواڵێکی تر دەبێت بگۆڕێت هەموو‌هەواڵێك بەیەك ئاستی دەنگ بەڕای من خوێندنەوەی هەڵەیە، چونکە هەر هەواڵەو بەشێوازێك دەخوێندرێتەوە، بۆنموونە هەواڵی سیاسی، پرسەی سەرەخۆشی، بەیاننامە، هەواڵی ناخۆش، ئاگادارکردنەوە زۆر شتی تر ئەمانە نابێت لەسەر یەك ئاستی دەنگ بخوێندرێتەوە دەبێت هەست بەوە بکەیت کە ئەم هەواڵە لەگەڵ هەواڵەکەی دوای ئەو جیاوازی هەبێت، ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە، لایەنەکانی باشی بێژەر ئەوە بێژەرو پێشکەشکارانەن کە بڕوای تەواویان بەخۆیان هەیە و ڕۆژانە بەدواداچوونیان لەسەر کارەکەی خۆیان هەیەو لە ڕەخنەی کەسانی دەوروبەریان تووڕە نابن سوود لەتوانای کەسانی شارەزا وەردەگرن بۆئەمەش کەسانی باشمان هەیە پێشکەشکاری بەتوانامان هەیە ماندووبوون بەکارەکانیانەوە دیارە جێگەی دەست خۆشیە.

*** تۆ بەهۆی پێشکەشکردنی هەواڵەکانەوە بێژەرێکی ناسراویت، ئایا ئەگەر بوارێکی ترت هەڵبژاردبا هەمان ناوبانگت دەبوو؟**

- هەرکەسێك بڕوای بەخۆی هەبێت وکاری باش بکات بێگومان هەر کارێك بکات ناوبانگ دەردەکات، بەڵام لای من ناوبانگییەکە نییە ئەوەندەی بەلامەوە گرنگە سەرکەوتوو بم لەکارەکەم و خزمەتێك بکەم ئەوە خاڵی جەوهەری بیرکردنەوەی خۆمە و لەسەری دەڕۆم .

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە بەرنامەی تەرفیهی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بکەی؟**

-من پێشتر بەرنامەی هونەریم هەبووە لە کوردستان تی ڤی، بەڵام زوو وازم هێنا حەزم زیاتر لە بەشی سیاسی بوو هەرچەندە بیرۆکەی پێشکەش کردنی بەرنامەی کۆمەلایەتی بەدوور نازانم کە ڕۆژێك بێت بەرنامەیەك بکەم نوی بێت بیرم لیکردۆتەوە هەول دەدەم کاری لەسەر بکەم ئێستا زیاتر کاتەکانم بەکاری ڕۆژنامەنووسی تەرخان کردووە .

*** تۆ هەندی جار بابەت دەنووسیت پەیامت چییە لەوەدا؟**

- ژمارەیەکی زۆرم بابەت بلاوکردۆتەوە لەزۆربەی گۆڤارو رۆژنامەکان و سایتەکان، بەڵام ماوەیەك لە بەر باری تەندروستیم وازم لەکاری رۆژنامەنووسی هێنا بوو، پەیامم لەنووسینەکان باسکردنی کیشەی خەڵکە (خەمی خەڵك خەمی منە ) تابتوانم لە نووسینەکانم گرنگی بەلایەنی کیشەی ئافرەت

قەرەی بدات، بەداخـــەوە غەدرێکی گەورە لە هونەری کوردی دەکرێت و تەرو وشك پێکەوە دەسووتێت، گۆرانی هەندێك لە گۆرانیبێژانی خۆمان جگە لەوەی لەرووی تێکســـتەوە هیچ مانایەك نابەخشـــێ لەئاستێکیشـــدایە ئەگەر گوێ لەگۆرانییەك دەگریت تا گۆرانیبێژەکە قســـە نەکات نازانیت ئەو گۆرانییە فارسییە تورکییە یان عەرەبییـــە، نازانم چۆن بوار بەو کەســـانە دەدەن کە بەناوی تازەگەری و سوود وەرگرتن لە هونەری بێگانە هونەری رەسەنی کوردی بشـــێوێنن، خۆم وەك بەرێزحاجی کارم تەنها بێژەرو کاری رۆژنامەنوســـییە من هیچ کات بازرگانی بەهونـــەری میللەتەکەم ناکەم بۆبەرژەوەندی تایبەتیم.

*** پێش پێشکەشـــکردنی هەواڵەکان چەند کات تەرخان دەکەی بۆ مکیاژ؟**

- من کاتـــی زۆر تەرخـــان ناکەم چونکە ماکیاژی تۆخ ناکەم بۆیە تەنها نیو کاتژمێرم بەسە.

*** بەشـــێوەیەکی ئەکادیمـــی راگەیاندنت خوێندووە؟ ئەگەر نا بەنیاز نیت لە کۆلێژ یان پەیمانگای راگەیانـــدن بخوێنیت؟ئەکادیمی بوون تا چەند کاریگەری هەیە لە سەرکەوتنی بێژەر؟**

- نەخێـــر مـــن خوێندنم تـــەواو نەکردووە دواکەوتم لەخوێندن کە تاوەکوو ئەمساڵیش هەر لە چارەسەر کردن بووم، بەڵام پەنا بەخوا ساڵی داهاتوو شەشی ئامادەیی تەواو دەکەم پاشان بڕیارم داوە بچمە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان. کاریگەری بڕوانامە کاریگەری هەیە بەس بە قەدەر موتابەعەی خۆت و بڕوا بەخۆبوون نییە لای من مەرج زیاتر ئەو دووشتەن بەلامەوە.

*** تـــۆ و بەســـۆزی خوشـــکت هەروەها بەهمەنی برات تاچەند کاریگەریتان لەســـەر یەکتر هەبووە؟**

- ئێمە ســـێ خوشك و برایەك هەتا رۆژای خوشکیشـــم کەســـایەتیمان جیاوازە لەیەکتر، بەڵام بۆ هەمووکاریکم تا ئێســـتاش پرس بە بەسۆزو بەهمەن دەکەم، چونکە هەردووکیان لە کارەکانیان زۆر سەرکەوتوو بوون بۆیە بڕوایەکی زۆرم پێیان هەیە و لە قسەیان دەرناچم.

*** خۆشترین و ناخۆشترین یادگاری بەرێز چین لەکاری بێژەرایەتیدا؟**

- ناخۆشترین کاتم ئەوە بوو کە سێ هاورێی زۆر خۆشەویســـتم بـــەرووداوی جۆراوجـــۆر گیانیان لە دەستدا لەوانە (فەرید ئەیوب،ئەحمەد کەریم، کاك سامان کە دەرهێنەری بەرنامەیەکم بوو) خۆشترینیشم ئەوە بوو کە یەکەم بێژەری کوردستان تیڤی بووم لەگەڵ هاوکارم سامی ئەرگوشـــی کە بـــۆ یەکەمین جار پەخشـــی راستەوخۆی سەتەلایت هەواڵەکانمان خوێندەوە خۆشـــترین رۆژ بوو لای من کە وەك تێســـت دەســـتمان پێکرد، بەڵام سەرکەوتنمان بەدەست هێنا قەد ئەو رۆژە لە بیر ناکەم.

*** ماوەیـــەك لە شاشـــە دووركەوتبویتەوە هۆیەکەی چی بوو؟**

وەڵام . لـــە دەرەوەی وڵات بـــووم بەچەند کاریکی تایبەت.

*** هەتا کەی بـــەردەوام دەبێت وەك بێژەر؟ وێستگەی داهاتووی تۆ کوێیە؟**

- بـــەردەوام دەبـــم تائەوکاتـــەی بڕیاربدەم بەردەوام نەبم، دوا وێستگەشم خودا دەزانێت و من ناتوانم داهاتووم دیاری بکەم.

*** کوردســـتان تیڤـــی لای بەرێـــز چی دەگەیەنێت؟**

- کوردستان تی ڤی وێستگەی سەرکەوتنی مـــن بووە، بـــەڵام گرنگ ئەوەیـــە من خۆم دروست کرد بۆیە من تەنها قەرزداری لۆگۆی کوردستان تی ڤیم نەك کەسیك.

*** داوات لـــی کراوە بۆ ئەوەی لەکەناڵێکی تر کاربکەی؟وەڵامت چی بووە؟**

- ئەوەی راســـت بێت، بەڵی زۆریش داوام



لێکراوە شتی زۆر باشیشم بۆ بکەن، بەڵام من قبووڵم نەبووە، جاری لە کوردســـتان تی ڤی دەبم خودا گەورەیە بۆ ئایندە چی دەبێت.

*** هاورێ نزیکەکانی بەرێز حاجی کێن؟**

-مـــن وازم لە هاورێتی کچان هیناوە لەناو راگەیانـــدن، لـــە دەرەوەی راگەیاندن هاورێ بە وەفاو باشـــم هەیە کە هەندێکیان هاورێی منداڵی منن لەبەر هەســـتیاری کەسایەتییان نامەوێت ناویان بهێنم.

*** نهێنییـــە تایبەتییەکانـــت لای کـــێ دەدرکێنیت؟**

- تەنها بۆ کەسیك.

*** بەرێز لە چی پەشیمانە؟**

- هەموو کەســـێك ئاســـاییە لە ژیانیدا لە هەندێك شـــتی تایبەتی خۆی پەشیمان بێت منیش وەك هەر کەسێکی ئاسایی لە هەندێك شتی ژیانم پەشیمانم.

*** لە گۆرانیبێژانی کورد و عەرەب گوێ لە کێ دەگریت؟**

- لەگۆرانیبێژانـــی کـــورد زیاتر کۆنەکان و هەندێـــك لـــەو گۆرانیبێـــژە تازانەی کە گۆرانییەکانیان مۆرکی تورکی و عەرەبی پێوە نەبێت عەرەبیش کۆن و تازە هەندێکیان.

*** ســـوارچاکی خەونەکانـــی بەرێز کێیە مەرجەکانت چین بۆ ئەو کەســـەی داوات لێ بکات بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری؟**

- هاوسەرگیری من قسمەتە.

*** ئەگەر ناوت بەرێز نەبووایە حەزت دەکرد ناوت چی بووایە؟**

- بەمنداڵـــی باوکم حەزی دەکرد ناوم بنێت ڤینـــۆس دایکم رازی نەبووە ئێســـتا لەبەینی خاڵم و دایکم بە تەواوی نازانم کامیان ناویان ناوم، بـــەڵام ناو گرنگ نییـــە لام هەرچی بێت بەس ناوەکەم گرفتی بۆ دروســـت کردووم دەچمە شوێنێك دەڵێ ناوت چییە دەڵێم بەرێز حاجی دەڵێ کوا کاك حاجی وادەزانن باســـی کابرایەکی دیکە دەکەم ئـــەوە زۆر گرفتم بۆ دروســـت دەکات یان لە کاتی هەواڵەکان زۆر ناوی خۆم دەڵێم لە پێش ناوەکان شەرم دەکەم.

*** ئەو خەونە چییە کە چاوەڕێی دەکەیت و هێشتا نەهاتۆتە دی؟**

- خەون واتە خەیاڵ منیش لەو کەسانە نیم بەلای خەیاڵدا بچم بۆیە خەونم نییە.

*** دەڵێـــن زوو زوو ژمـــارەی مۆبایلـــت دەگۆریت، بۆچی؟**

- زۆر ئیزعاجم دەکەن لەگەڵ ڕێزمدا کاتی ئەوەم نییە زۆربـــەی کاتەکانم بۆ جـــواب دانـــەوەی تەلەفۆن تەرخان بکەم بۆیە هەر کاتێك ســـەفەر بکەم بگەڕێمەوە ژمارەیەکی دیکە دادەنێم.

**پەنا بەخوا ساڵی داهاتوو شەشی ئامادەیی تەواو دەکەم پاشان بڕیارم داوە بچمە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان**

**کاتی ئەوەم نییە زۆربەی کاتەکانم بۆ جـــواب دانـــەوەی تەلەفۆن تەرخان بکەم**